ژمارە : ٤٨٤٠
رێکەوت : / / ٢٧١٩ کوردی

NO :
DATE: ٢٠٢٠ / ٢ / ٢٤

بەیانی ژمارە (√)ی ساڵی ٢٠٢٠

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩
و بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی یاسای جێبەجێ کردنی یاسای بەخاوەنکردنەوەی ئەو زەوییانەی لە سنوری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لەسەر کراوە ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

ماددەی یەکەم/.

أ- لێژنەیەک پێک دێت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەم لایەنانەی خوارەوە :

١. پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ.
٢. بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان.
٣. سەرۆکی شارەوانی.
٤. بەڕێوەبەری گەنجینە.
٥. بەڕێوەبەری کشتوکاڵ.
٦. بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرە .
٧. بەڕێوەبەری نەخشەدانان.

ب- پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە بوی هەیە لێژنەیەک پێک بهێنێت لە هەر یەکەیەکی کارگێری بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی کارگێری و ئەندامێتی ئەو لایەنانەی کە لەبرگەی (أ/٣تا٧)ی سەردەوە ئاماژەیان پێ دراوە ئەگەر پێویست بکات بە مەبەستی کارئاسانی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٩.

ماددەی دووەم/

١. داواکارییەک لە لایەن زێدەرۆکار یان میراتگەری شەرعی پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێری دەکرێت لەسنووری ئەو شارەوانییەی کە زیادەڕۆیی لێ کردوە.
٢. پێویستە زێدەرۆکار یان میراتگەری شەرعی بسەلمێنێت کە نیشتەجێی ئەو خانووەیە کە بە زیادەڕۆیی لەسەر زەوی دەوڵەت دروستی کردووە.
٣. لێژنەکانی برگەی (أ)ی ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە بڕیار لەسەر ئەو دکیومنتانە دەدەن کە پێویستە بۆ سەلماندنی برگەی دووەم .

ماددەی سێ یەم /

لێژنەیەکی لاوەکی لە شارەوانی تایبەتمەند پێک دێت بۆ پێوانی پارچە زەوی کە زیادەڕۆیی لەسەر کراوە و جێگیرکردنی ڕووبەرەکەی و بەرزکردنەوەی ڕاپورت بۆ لێژنەکانی ماددەی یەکەم بە مەبەستی بڕیار دان ، وپێویستە یەکێک لە ئەندامانی لێژنە پێوەر بێت.

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

Kurdistan Regional Government
Ministry of Interior
(ISO 9001:2015)

ژمارە : ٤٨٢٠
NO :
رێکەوت : ٤/ ٢٧١٩ کوردی
DATE: ٢٠٢٠ / ٢/٢٤

ماددەی چوارەم / ئەگەر گشت مەرجەکانی پێویست بۆ تاپۆکردنی خانوو کە بە زیادەڕۆیی دروست کراوە جێبەجێ بوو ئە وا دوای بریاردانی لێژنەی پارێزگا یان ئیدارەی سەربە خۆ یان لێژنەی یەکەی کارگێری بە رەزامەندی، بڕی ڕسوماتی تایبەت بە تاپۆکردن بە پێی ماددەی (٢) بڕگەی دووەم لە لایەن شارەوانی تایبەتمەند وەردەگیرێت بە پسۆلەی (٣٧/أ).

ماددەی پێنجەم / ئەو پارچە زەوییانەی کە بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١٩ زیادەڕۆی لەسەرکرابوو ئەوا لە لایەن لێژنەی یەکە کارگێرییەکان تاپۆکردنیان رەت دەکرێنەوە و رێکارەکانی هاتووە لە یاساکە جێبەجێ دەکرێن .

ماددەی شەشەم / نوێنەری شارەوانی بوی هەیە تاپۆکردن رەت بکاتەوە ئەگەر پێچەوانەی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٢)ی یاساکە بێت.

ماددەی حەفتەم :-

١. بەرپرسیارەتی جێبەجێ کردنی گشت رێکارەکانی هاتوو لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ و ئەم بەیانە دەکەوێتە ئەستۆی لێژنەی یەکە کارگێرییەکان.
٢. لە کاتی سەرپێچی کردنی بڕگەکانی ئەم یاسایە و ئەم بەیانە لێژنەی یەکە کارگێرییەکان بەرپرسیار دەبن بەرامبەر یاسا بە پێی یاسای بەرزفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩١ی هەموار کراو سەرەڕای رێکارە یاساییەکانی تر .

ماددەی هەشتەم :

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

رێبەر احمد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەك بۆ :-

- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەروکایەتی دیوان/ بفەرموون بو زانین ، لەگەل رێزدا...
- وەزارەتی داد / روژنامەی وەقائعی کوردستان/ بفەرموون بۆ زانین و بڵاوکردنەوەی ئەم بەیانە ، لەگەل رێزدا...
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار / بفەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەل رێزدا...
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / بفەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەل رێزدا...
- وەزارەتی کشتۆکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ بفەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەل رێزدا...
- نوسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر / بفەرموون بۆ زانین ، لەگەل رێزدا...
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان / بفەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەل رێزدا...
- نوسینگەی بەرێز بەرێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ زانین ، لەگەل رێزدا...
- خولاو.